# گۆڤان ئازیزی هەمووومان بوو

بەڕێزان دایك و باوكی گۆڤان

بەخەم و پەژارەیەكی زۆرەوە ئەمرۆ هەواڵێكی زۆر دڵ تەزێنمان بیست ئەمرۆ زانیمان دڵە بچووك و بێهێزەكەی گۆڤان بۆیە كجاری لە لێدان كەوتووەو چاوە ڕەشەكانی بۆ ئەخیر جار لێكناوە , ئەمرۆ زانیمان گۆڤان دواهەناسەی خۆی جێهێشت لە دنیایەكدا كە دەرزیەكی بۆ ئەو تیا دەست نەكەوت , ئەمرۆ زانیمان جەستە سارد و لاوازەكەی گۆڤان دەبرێت و لەناو چاڵێكدا دەشارێتەوە . گیان لە دەستدانی گۆڤان بۆ ئێمە و بۆ سەرجەم ئینسانیەت كارەساتێكی ناڕەحەت و دەلائیلی گەورەی هەیە , چەند ڕۆژێكە بوو پاراستنی گیانی كۆڤان خەیاڵ و پەلاماردانی زۆرمانی داگیركردبوو , ئێمە چەند كەسێك لە دانیمارك لە ڕێگەی چەند دكتۆر و تەنانەت خاچی سوری دانیماركیەوە خەریكی مسۆگەر كردنی پاراستنی ژیانی كۆڤان بووین لە مەرگ بەڵام بە داخەوە زریانی مەرگ و نەخۆشی كۆڤان گیان لە هەوڵەكانی ئێمە بە دەست و برد تربوو . مەرگی كۆڤان تەنها مەرگی مناڵێك و گیان لەدەستدانی ئازیزێك نیە , مەرگی كۆڤان تەنها یەك نموونەی ئەو هەزاران مردنەیە كە ڕۆژانە یەخەی مناڵانی خەڵكی دەست تەنگ و هەژاری كوردوستان و عێراق و دنیا دەگرێت . لەدنیایەكدا كە قازانج پەرستی و چاوچنۆكی دەسەڵاتدارو سەرمایەدارەكان سنورێكی نەهێشتۆتەوە بۆ هێنان و بردنی كاڵاو بەرو بوومەكانیان , بەڵام بۆ كۆڤانێك كەتازە خەریك بوو خونچەی گوڵی ژیانی ئەپشكوت ئەبێت ژیان و مردنی ئەو لە تەرازوی ئەوەی مناڵی خێزانێكی هەژارەو بۆ دەردە سەری لە وڵاتی دەسەڵاتداری قاچاغچی و گیرفان برسی لەدایك بووبێت تای تەرازوەكە بەلای مەرگدا بكەوێت و گۆڤانی حەوت مانگ ببێتە میوانی یەكێك لە گۆڕستانەكانی كەركوك . ئەمرۆ لە سەرتاسەری دنیا گۆڤانەكان بە لێشاو بەهۆی بێ دەرمانی و بە سادەترین نەخۆشی گیانیان دەبێتە نێچیری مەرگ و لە بەردەم دایك و باوك و ئازیزانیان هەڵیان دەفڕێنن , لە دنیایەكدا كۆڤانەكان گیان لە دەست دەدەن ڕۆژانە دەسەڵاتداران بە ملیۆنەها دۆلار بۆ شەڕ و فریودان و گێل كردنی كۆمەڵگا خەرج دەكەن . ئەگەر تا دوێنی ناسیۆنالیستی كورد دەیووت "لەسەر سینگە نەوتینەكەی بابەگوڕگوڕ مناڵێكی چاو ڕەشی كورد لە برسا مرد" ئەوا ئێستا لە ژێر سایەی سەرۆكی كورد و ئەنجومەنی كوردا مناڵێكی چاو ڕەشی كەركوكی بۆ دەرزیەك مرد . شەرمە هەموو ئەو فیدراڵیەت و دیموكراسی و مافی مرۆڤەی كە باسی دەكرێت تەنها دەرزیە كی نەكرد بۆ كۆڤان . بەرگرتن بە مەرگی كۆڤانەكان بەرگرتنە بە ئیهانەو بێحورمەتی كردن بە ژیانی ئینسانەكان , بەرگرتنە بە دەسەڵاتێك كە بۆ قازانج تەنها بەردەمی خۆی دەبینێ و بۆ شەڕ و چەوسانەوە ماڵە هەژەراكان .

بەڕێزان دایك و باوكی كۆڤان, سەرجەم خانەوادەی ئەم مناڵە جوانەمەرگە من و هەزاران ئینسان لەم گۆی زەویەدا وەكو ئێوە ناڕەحەتی گیان لە دەستدانی جگەرگۆشەكەتان بووین , ئەم چەند ڕۆژە كۆڤان میوانێكی بێدەنگی ماڵەكانی هەمووومان بوو, من بەم نامەیە سەرخۆشیتان لێدەكەم وە بەقوڵی لەگەڵ ئێوە هەست بەو ئازارە ئەكەم , بەڵام كێشەكە بەمە كۆتای نایەت ئەبێت هەمووومان بەر بە مەرگی كۆڤانەكانی تر بگرین , ئەبێت دنیایەك بە دەستی خۆمان بنەخشێنین كە ئینسان حورمەتی هەبێت , دنیایەك هیچ ئینسانێك بۆ دەرزیەك گیان لە دەست نەدات و هیچ دایك و باوكێك بەوشێوەیە مەرگی مناڵەكانیان نەبینن .

من بۆ ڕێز لێنان لە گیانی كۆڤان مۆمی هاوخەمی خۆم لە ماڵەوە داگیرساند .

بژی ژیان بژی كۆڤان بژی ئینسان


هیدایەت مەلا عەلی

hidayat_malaali@yahoo.com


2005/6/5